# هەر گەڵایەک کە لە داری دەوەرێ.....

هەرکمان خەڵکی شارێک بووین، ئەو شارەی لە تەمەنی پانزدە ساڵان لێی هەڵقەندرام. ئەوکەی و بۆچی شاری بەجێ



هێشتبوو و بۆکوێ چووبوو، لام ڕوون نەبوو. بڵێی لە شەقام و کۆڵان، بەردەرکی کتێبفرۆشی، ڕۆژنامەفرۆشی، لێرە و لەوێ، بەر دەرکی دووکانی شاعیر، ڕێبوارانە چاومان بە یەک کەوتبێ، نازانم. هاوتەمەن نەبووین، من لە چاو ئەو منداڵ بووم، منداڵێ کە خەریکی گەڕان و پشکنین بوو، بۆ ئەوەی زێد و کەسایەتییەکانی بناسێ. تەقولبابی ماڵانم دەکرد و سەرم بە هەر شوێندا دەکرد، بۆ ئەوەی چاوم بەم و ئەوی هونەرمەند بکەوێ و گوێ بۆ گێرانەوە و شمشاڵ و بەسەرهاتنیان ڕاگرم. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هیچ شوێنێک و لە زاری کەسەوە ناوی ئەوم نەبیست. لە ناو هونەرمەند، نووسەر و شاعیر، نە لە ناو دامودەزگای ئیداری و فێرگە، کەس جارێک ناوی نەهێنا!

لە سەردەمی جوڵانەوەی سیاسی و نیزامی گەر ئەو لێرە و لەوێ لە ناو بازنەی ئەم حزب و گرووپدا بووبێ، لای من شاراوە بوو. لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک ناویم نەبیست و کەسیش ناوی نەهێنا. هەمووئەوانە بەو مانایە نەبووکە ئەو هیچی لە باراندا نەبووە، ڕێک بەپێچەوانە، ئەو لە زۆر لایەنەوە هەمبانی پڕ بوو، بەڵام هەڵاچی نەبوو.

لە وڵاتێکی ئورووپا لە ماڵی ئازیزێک، کە ئێستا ژن و پیاو هیچیان نەماون، بێ ئەوەی بیناسم، لە گەڵ یەک کەوتینە گفتوگۆ، ئەو هەم میوانی ئەو ماڵە بوو، هەم میوانی خاو وخێزانی خۆی، ئەو لە وڵاتێک و خاو وخێزان لە وڵاتێکی تر دەژیان. منداڵەکانی و خۆی و خێزانی بە ساڵان ژیانی ناو گوند و شاخیان تێپەڕاندبوو، ئەو یەکێک لە ڕابەرانی حزبەکەی بوو، کە دوای لەتبوونەکان گەیشتبووە ئورووپا و دوای ساڵانێک بە دیداری بنەماڵە و خزمەکانی شاد دەبۆوە. دوای ئەم دیدارە گەڕایەوە ئەو وڵاتەی، ژیانی نامۆیی و کاری ڕۆژانەی تێدا تێدەپەڕی. بەردەوام نامەی دەنارد..

شەرەفەدین کوردستانی جگە لە نامە، بابەتی سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی بۆ دەناردم و پاش هەڵگەڕاندنەوە بۆ سەر زمانی ئاڵمانی لە گۆڤاری "Kurdistan heute" چاپ دەکرا، گۆڤارێک کە ناوەندی بەڵگەنامە و زانیاریی لە شاری بۆن(پێتەختی پێشووی ئاڵمان) دەریدەکرد و لە وڵاتانی(ئاڵمان، ئوتریش،سویس) بڵاو دەکراوە و نووسەری ئەم دێڕانە یەک لە ئەندامانی ڕێداکسیۆن بوو.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵێک گوتی، دێم و دەمەوێ بچمە فستیواڵی کوردەکان لە شارەکەی ئێوە، ئەوە هەمان ساڵ بوو، کە حزبێکی باکووری کوردستان بۆ یەکەمجار لە مەیدانی تۆپی پێی ناونەتەوەیی شار، گەورەترین فستیواڵی هونەریی فەرهەنگی سیاسی وەڕێ خستبوو. پاش چوون بۆ ئەو فستیواڵە و بەیەکەوە بوون و قسە و باسی زۆر، بۆم دەرکەوت کە ئەو دۆست و نزیک و هەواڵ و هاوپۆل و هاوتەمەنی دۆستێکی خۆمە کە ئەویش لە فێرکارانی فێرگە و زیندانی سیاسی و نووسەر و مێژوونووسە و هەروەها هەرکیان دۆست و هاوڕێی کاکە سوار بوون و هەر ئەوان تێکەڵ بە ڕووداوی سیاسی و فەرهەنگی بوون و هەمووشیان سەردەمێکی درێژ لە تاران نیشتەجێ بوون. ئەو و سوارە "ماف"یان خوێندبوو، سوارە لە بەشی کوردی ڕادیۆ دامەزرابوو، ئەو لە شارێکی کوردستان ببووە قازی.

سەرئەنجام دوای دووریی چەند ساڵە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان، یەکتریان گرتەوە و ڕێگای دیتن کورتر بووە. ڕۆژێک ئەو و کۆنە دۆستەکەی هەرکیان بوونە میوانی شارەکەی قەراخ چۆمی ڕاین و دەمێک لە دەمی ژیانی هاوبەش بە یادی گۆمی سەرسەکۆ تۆمار کرا، وەک فرمێسکی هەژارێک لە سەر چۆمی ڕاین.

لەسەر چۆمی ڕاین لە ڕۆژگارێ جارێ

تکا ئەشکی ئاوارە کوردێ، هەژارێ

بەسەریا خوڕی: کوێندەری ئەی تکەی سوێر

ئەتۆ و ئێرە چی دەنکە فرمێسکی بێ خێر؟

وتی: ئاوی چاوی کوڕی کوردستانم

لە دەجلە و فوراتڕایە ناو و نیشانم

لە زێرینەڕوود و تەتاهۆ سەلامێ

لە بەژنت لە چلچەشمە پێمە پەیامێ

لەسەرخۆ بە ئەی ڕاینی شۆخ و شیرین

شتێک بووین ئەمەش گەرچی ئێستا ئەسیرین

هەچەند دیل و بێچارەشە نیشتمانم

ببەخشە لە جێی تۆی بە خۆشتر دەزانم

چ کەڵوە و چ سیروان و ئاوێژەڕۆیە

بە دیمەن هەمووی شۆخ و شەنگتر لە تۆیە

ئەگەر لادەچێ ئەم تەمەی نەگبەتیمان

بە خاوەن دەبێ کێو و چۆم و زەویمان

لە دڕکی نەیاران بژارێکی دەکرێ

هەزارانی وەک تۆ لە شاباشی دەدرێ

بەڵێ ئاوی چاوم لە دڵ هەڵکزاوم

لەڕێی سەربەخۆبوونی کوردان ڕژاوم

وتی ڕاین: ئەی تیشک و هێزی دڵی من

وەرە باوەشم بتبەمە بەحری بێ بن

بە هاوار و دادت موحیت بشڵەژێنە

لە چەپگەردی گەردوون بەشی کورد بسێنە

١٥/٠٨/١٩٥٧  بادگودەزبیرگ- بۆن- ئەڵمانیا

پاش دامەزراندنی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان، ئەو و کەسانی وەک حەسەن سەلاح سۆران، ئەنوەر سوڵتانی یەک لە دوای یەک بوونە نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرهەمەکانیان شیعر، چیرۆک، وەرگەراندن بڵاو دەکرایەوە، ئەو لێزانی زمان بوون، لە زمانگەلی ئاڵمانی، ئینگلیسی، فەڕانسە، ئازەری، فارسی شارەزا بوو.

چیرۆکەکانی چ ئەوانەی ژیانی خۆی لە سەردەمی منداڵی و دواتر دەگرتەوە، چ ئەوانەی باس لە ژیانی نیشتمانپەروەران بوو، چ ئەوانەی وەرگەڕاندن بوون، هەڵگری زمان و جوانییەکی تایبەتی زمانی کوردی و هونەریی وشە بەکارهێنان و فانتێزیی هونەریی و ئەستەتیکی بوون. شیعرەکانی خۆی و وەرگەڕاندنەکانی شیعریی لە زمانی ئاڵمانی، فەڕانسە، عەرەبی، فارسی و ئازاری، نووسەر و شاعیر و کوردییزانێکی، کەم وێنەی دەناساند.

## [من و دارەبەن

کات دەمەو زەردەپەرە، دارەبەن لە ئامێزی دۆڵی چۆل و کراڵدا بە شنەی شەماڵ، پرچی ئاڵۆزی بەشانەدەکا و لیزگەلیزگە دەیهۆنێتەوە. لە شادیی ژوان و شەوراموسانێکی خەیاڵاوی لەگەڵ تریفەی مانگەشەو تەزوویەکی سارد بە سەرتاپای لەشی دادێ.

شەو زرینگاوەتەوە، ئارەق ئەوین دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە نێو هەناوی دارەبەن و پەنجەکانی هێدی هێدی بە سروە دەلەرن و شەوباش لەگەڵ ئەستێرە دەکەن. تریفەی بێ ئارام تارمایی شەوەزەنگ وەڵادەنێ و ئامێزی فێنکی لە باڵای دارەبەن وەردێنێ و لەنێو یەکتردا دەتوێنەوە. ***

کات بەرەبەیانە، گزنگ ئەنگوتووە، دارەبەن سەرمەستی ئەو ژوانەیە، کە قەڵتی تەشوێی کاسبکارێک لەو خەوە یەزدانییە رایدەپەڕێنێ. ئەو خەوپەڕێنە دەستوەشێنە سەرتاپای دارەبەن بەبێ بەزەیی زامدار دەکا و بۆ هەر زامێ گۆمیلکەیەکی قوڕین وەکو قاپێلکەی چاوی برسی بەلەشییەو دەلکێنێ. زامەکان دەبن بە چاو و هەموو ئەسرینیان لێدەبارێ. فرمێسک دەرژێنە نێو گۆمیلکە قوڕینەکەوە و دەبن بە ئاوێنە. لەو رۆژەوە کە زاممەکانی دارەبەن دەبن بە چاو و چاوەکانیش روندکیان لێدەبارێ ئاهی ساردی، لە بەندی هێشووی قەزوانی شلک و بۆنخۆشدا دەمێنێتەوە، کە لەهەر دەستپێداهێنانێکدا دەڵێی دایکی رۆڵە کوژراوە کە بەڕانی خۆیدا دەکێشێ و پەککوپە! ککوویەتی !

منیش ئەو کوردەم کە لە بەرەبەیانی خەوێکی یەزدانیدا وەکو دارەبەن، زامداری بێتاوانی ئەو وڵاتەکاول کراوەم. هەر دوو لەشمان بە ئاوریشمی ئەوین چنراوە و بێ بەستراوی ئەو لێرەوار و چۆڵ و چڕەین.

بەندی دڵی دارەبەن بە ناخی زەویدا چووە و من بە پانایی و درێژایی ئەو وڵاتەدا بە تای کەزی و بەتیری مژۆڵی نازداران بە سینگی ئەردەوە هەزار مێخەکراوم و کێوی یادگاری باووباپیرانیان لەسەر سینگ داناوم.

ئێمە دوو ئەوینداری لەمێژینەین و دووو بێ لەزنجیرکراوی دێرینە. بەسەرهاتی ئێمە لە لە بلوێری شوانەوێلە و لە قاسپەی کەو و چریکەی بولبول دایە. داخوا کەس هەیە ئەو بەسەرهاتەی ئێمەی بەگوێ نەگەیشتبێ؟]

ئەو ڕاستگۆیانە بابەتی سیاسیی دەنووسێ، لێ وەک دۆستەکانی و گەلێک کەسی تر کەوتۆتە مەیدانێکەوە کە مەیدانی ئەو نەبوو. ئەوان لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە چ خۆیان بخوازن و چ نەخوازن باسەکانیان سیاسی و کۆمەڵایەتییە و تێکەڵبوونی ئەم کەسایەتییانە لە تەک حزب چ لە کوردستان و هەر شوێنی تر، ڕێگرییە لە ئازادیی کەسەکە خۆی و رووشاندنی کەسایەتی بە هۆی تایبەتمەندی سیاسەت و حزبایەتی کە بە پێی بارودۆخ سەروخواری پێدەکرێ و لەم ڕێگایەدا پرێنسیپ، ئەخلاق، تێگەیشتن و لە هەموو گرنگتر بۆچوون و هزریی ڕاستەقینەی کەسەکە یان دەبێ بۆ بۆچوونی حزب و سیاسەت لەبەرچاو نەگیرێ، یان دژ بوەستێ کە تاکە کەس وەبەر شاڵاوی حزبەکە دەکەوێ، کە ئەم دیاردەیە لە ناو کوردستان لە سەد ساڵی ڕابووردوو بەردەوام بووە و دیتراوە. هێمن، هەژار، قزڵجی، پەشێو، سابیر، بێکەس و دەیانی تر زیانمەندی ناو ئەم بازنەیە بوون، ئەوە کەسانی وەک برێشت، گراس، سارتر و دەیان و سەدانی تر دەگرێتەوە کە بە هیوای ئینسانی تێکەڵ حزبەکانی کۆمۆنیست و سۆسیال دێموکرات کەوتن و هیواکانیان لە ناو ئەو حزبانەدا نەبوونە واقعی ژیانی خەڵک. ئەویش یەک لەو کەسانە بوو، کە لە ناو و دەرەوەی حزب تووشی باڵانس نەبوو. کارە هونەریی و ئەدەبی و هزرییەکانی کەوتنە ژێر سێبەری نووسینە سیاسییەکانی و بازاڕی بێ پرێنسیپی سیاسی و حزبی!

شەرەفەدین کوردستانی جارێکی تر گەڕایەوە کوردستان بەو هیوایەی بتوانێ لە بواری پیشەیی خۆی و بواری ئەدەبی و هزری و زانستی خۆی گوتەنی خزمەتێک بکات. چی دیت و چی چێشت جیاواز لە دنیای حزبی و حزبایەتی و چەندە بواری بۆ ڕەخسا لە بواری پسپۆڕیی خۆی و هزر و ئەدەب کار بکات، چیرۆکەکەی لای خۆیەتی.

دیداری دووبارەی ئێمە ساڵی ٢٠٠٥ ڕووی دا ئەو کاتەی، دەستێکی غەیب ناوی منی خستبووە ناو لیستی بانگێشتکراوانی فستیوالی یادکردنەوە لە زیندەیاد قازی محەممەد لە شاری سولەیمانی. نیوەشەوێک لە هوتێل ئەزمەر توانیم حەسەن سەلاح سۆران و ئەو و خالید حیسامی و گەلێک کەسی تر لە ئامێز بگرمەوە. کە هێندێکیان دوا دیدار و هێندێکی تر دیداری تازەی ئەو نووسەر و شاعیر و ئاکادمیسین و چالاکانی سیاسی بوون کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون.

کوردستانی جارێکی تر گەڕایەوە شارە نامۆکەی هەندەران و ژیانی ڕۆژانەی لە ناو کتێب و نووسین و خوێندنەوەدا کۆ کردەوە و جار بەجار سەفەری ئێرە و ئەوێ و تەلەفونات لە گەڵ ئەم و ئەو و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە وێبلاگی تاکە کەسی خۆی و لاپەڕەی سۆسیال مێدیا. ئەوە ساڵێکە ئیتر وێبلاگ و لاپەڕەکەشی بێدەنگ بوون.

هێرمان هێسە شاعیر، نووسەر و بیرمەندی تەرکە وڵاتی سەردەمی فاشیسم، باس لە پیشلەیەکی دوورە وڵات دەکات کە لە کۆڵانەکان کەس درگای لێناکاتەوە. هێرمان هێسەکانی وڵاتی من کە لە وڵاتەکەی خۆشیان و دەرەوە دەرگا لەسەر داخراو ماونەتەوە، یەک و دووان نین، یەکیان لە شارەکەی خۆی لە ناو تابلۆکانیدا بێدەنگ گیانی دەردەچێ. ئەویتر کە لە دەرەوە هەستان و دانیشتنیان لە تەک فیلسووف و بیرمەند و شاعیر و نووسەری ئورووپا و ئامریکا و کانەدا و ئێرە و ئەوێ بووە، بێدەنگ و نەناسراو دەمێننەوە، وەک گۆران(شاعیر، چیرۆکنووس، وەرگێڕ)، عەزیز(نووسەر، وەرگێڕ، فەیلەسووف)، عەزیز(هونەرمەند، نووسەر، تەنزنووس)، عەزیز(فەرهەنگنووس)، حەسەن(پزیشک، فەرهەنگناس)، عەلی( نووسەر، شاعیر، وێژەر) و گەلێکی تر.

هەر گەڵایەک کە لە دارێ دەوەرێ، دەنگ و ڕەنگی هەیە، بەڵام لە ناو میللەتەکەی گەڵا و دەنگ و کەس، هەموو پرسیار ماوەتەوە...!

برایم فەڕشی

نووسین ٢٠٢٤/٢/٢٩ پێداچوونەوە ٢٠٢٥/٨/٩

*هەر گەڵایەک..شیعری هەڵۆ سوارە ئیلخانی زادە